# 14 وەڵام لەبارەی 13چاوپێکەوتن لەگەل بەختیار عەلی

## سەلام عەبدوڵلا

1- وەك دەزانم، بەختیار عەلی لە ئەلمانیا(شاری كوێلن)دەژیٚ و رۆژانە دەتوانیٚ لەویٚ بە چاوی خۆی سەدان سواڵكەر، لانەواز، هەژار، شێتی سەر شەقامەكان و ژنانی ناچاركراو بە لەشفرۆشی ببینیٚ. هەروا لەوانەیە بەختیار ئاگاداری هەبێت لە ژیانی سەخت و رێژەی بێكاری، هێزی كاری رەش و ئاستی ژیانی ئەو كرێكارانە كە لەلای شەركەتەكانی(Leiarbeitfirma) كاردەكەن یان رێژەی ئەو كەسانە كە ناچاركراون یارمەتی كۆمەڵایەتی وەربگرن.



ئەوجا با بزانین ئەو بلیمەتە چۆن لە دیموكراسی تێگەیشتووە:
لە چاوپێكەتنەكەیدا لەگەل شوان ئەحمەد بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی((دەبوو ژمارەو برواری چاوپێكەوتنەكەی بلاوبكردبا))، لاپەرە 135-136، دەڵیٚ: (گەر ئەوەی پێی دەگوتریٚ دیموكراسییەت هەموو دەسەڵاتی بەخشی بەچەند كەسێك و خستنیە سەروو قانوونەوە، گەر كۆمەڵگایەكی درووستكرد، كۆمەڵێك منداڵ تیایدا لە جوانترین پۆشاك، ئۆتۆمبیل و كۆشكدا بژین، تازەترین یاری كۆمپیوتەر بكەن، لە قوتابخانەی تایبەتیدا بخوێنن و سەدان هەزار منداڵی تر ببن بە عەلاگەفرۆش، ئاوفرۆش و شقارتەفرۆش. گەر ئەم دۆخەمان ناونا دیموكراسییەت، واتە هەموو ناشیرینی و دزێوییەكانی دونیای خۆمان ناوناوە دیموكراسییەت. گەر دیموكراسییەت ئەمە بێت، ئەو كات ناتوانێت خەڵكانی سەرجادە، دۆستەكانی و دوژمنەكانیشی قەناعەت پێبكات. ئەوكات هێزی ئەوەی نابێت، نە لەگەڵ تیرۆردا، نە لەگەڵ فاشیزمدا، نە لەگەڵ بەعسدا، نە لەگەڵ هیچ داگیركەرێكی تردا بجەنگێت.)



ئایا ئەوە نەزانی نییە گەر كەسێك لە ئەلمانیا بژیٚ و بەو شێوەیە لەبارەی دیموكراسی بدوێت؟
ئاخر لە ئەلمانیاشدا، خاوەن سەرمایە و بۆرژوا بچوكەكان منداڵەكانیان بۆ قوتابخانە تایبەتییەكان دەنێرن و"ئامۆژگاری" بەختیار دەكەم، سەردانی سانپاوڵی بكات لە هامبۆرگ، تا بەچاوی خۆی ببینیٚ

چـۆن منداڵـەكان لەبـەردەم دوكانـەكانی لەشفرۆشـی راوەسـتاون و بـەرەش لەشفرۆشـی دەكـەن. بەڕاسـت"بیرمەندەكـەمان"دەزانـێ ژنـە ئەلكوهولییـەكان منداڵـە ساواكانیان لەگـەل خۆیـان دەبـەن بـۆ شوێنی ئەلكوهولیكـەكان؟؛ ئایا دەزانـێ رۆژانـە هـەزاران منـداڵ، كۆرپـە، كـچ و ژن لەسـایەی دەسـەڵاتی دیموكراسـی رووبـەڕووی كوشـتن، سـەربڕین، خۆكوشـتن، زەوتكـردن و لێـدان و سـووكایەتی دەبنـەوەو لەسەر رووی رۆژنامە و گۆڤار و ریكلامی سەر شەقامەكان تەنها بۆ ئاستی لەش دەهێنرێن؟

بڕوا ناكەم"بیرمەندەكەمان" ئاگای لـەو بارودۆخانـە یـان بـارودۆخ و ژیـانی پەنابـەرە"ناشـرعییەكان"و ژمـارەی زیندانـەكانی دیپۆرتاتـسیونی زۆرەملێـی پەنابـەران هـەبێت(دەتـوانێ لـە سـایتی دەربەنـدیخان ناونیـشانەكانیان وچـەند ێنەیـەكیان ببـینێ) دەنـا بـەو شـێوە نەزانییـە لـەبارەی دیموكراسـی نـەدەدوا! لەدواییدا پێشنیار دەكـەم، ئەو برادەرە سەردانی سەنتەر، بنكـە و نەخۆشـخانە دەروونییـەكان بكات، تـا بزانێ چەندین هەزار شێتكراو لە ناو ئەو زیندانانە دەژێن، بە خراپیشی نازانم گەر زانیاری بەرفراوان بكات لەبارەی ئەو كەسانە كە ناچاركراون، ((تیڕاپی- عیلاجی دەروونی)) بكەن!

وەك دەبینن، بەختیار عەلی وەك نەخوێندەوارێك لەبارەی دەسەڵاتی دیموكراسی دەدوێت، كەچی سەلاح ئەحمەد لە ئاوێنە، ژمارە 21، لاپەڕە 12لە 2006/5/30دا دەنووسێ(بەختیار عـەلی رووداوە. بەختیار عـەلی"رووداوە"، بـەو مانایـە كـە كۆتـایی بەسـەردەمێك دێـنێ و سـەرەتای سـەردەمێكی دیكـە درووسـتدەكات...بـەختیار عـەلی تـەنها نووسـەرێك نییـە لـەناو نووسـەراندا...یـان نووسـەرێكی دوای راپەڕین...یان یەكێ لە چاكترین نووسەرەكانی كورد...یـان نووسـەرێكی كـەم وێنـە لەناوچەكەداو هـەتا دوایـی لـەم قـسە ئیـستهلاكییە رۆژنامەوانییانـە، بـەڵكو بـەختیار عـەلی رووداوێكـە توانـای گـۆڕینی بیركردنەوەو شێوازی ژیانی هەیە.)

ئەوەیە كارەسات، لافاوی جەهل بە رووداو بناسرێت!

"بیرمەندەكـەمان"، حزبـی بـەعس بـە فاشیـست ناناسـێ، بۆیـە لـەو پەرەگرافـە كـە لەسـەرەوە ئامـاژەم پێكـردووە بـەجیا لەیـەكتر دەنووسـێ((نـە لەگـەل فاشیزمدا، نە لەگەڵ بەعسدا))، بـەڵام راسـتییەكەی ئەوەیە كە بەعس لە هەموو لایەكەوە، حـزب و بـیر ودەسەڵاتی فاشیستی بوو.



ئەمە تەنها بەشێكە لە نەخۆشخانە دەروونییە زۆر گەورەكەی شاری گوێتنگن<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

تێبینی: هەرجارێك بە گوێرەی دەرفەت بۆ نووسین، درێژە بە وەڵامدانەوەی بۆچوونەكانی بەختیار دەدەم.